IHMISKAUPAN UHRIEN
AUTTAMISJÄRJESTELMÄ
WWW.IHMISKAUPPA.FI

kurdi-sorani / Sorani Kurdish

# قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە مافی یارمەتیی هەیە

لەم نامیلکەیەدا زانیاری لەبارەی یارمەتیی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە هەیە.

سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە (سیستەمی یارمەتیدان) لایەنێکی فەرمیە کە یارمەتیی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەدات لە فینلەندا.

## یارمەتییەکان **بۆ کێیە؟**

دەتوانیت ببیتە نەفەری سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە ئەگەر تۆ

- قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەویت لەبەر ئەوە پێویستیت بە یارمەتیە.
- منداڵی کەسێکیت کە قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەویە لە فینلەندا و پێویستیت بە یارمەتیە.
- کەسێکیت کە یارمەتیدەریت لە لێکۆڵینەوە لە تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە ، ئەگەر پێویستت بە یارمەتیی تایبەت بێت.

سیستەمی یارمەتیدان یارمەتیی خەڵکی لە هەموو تەمەنێک و لە هەموو نەتەوە و ڕەگەز و ئایینێک دەدات. بۆ هاووڵاتیانی فینلەندیش.

دەتوانیت یارمەتی وەربگریت تەنانەت ئەگەر بەبێ مافی مانەوەی یاسایی (ئیقامە) لە فینلەندا بیت. دەتوانیت یارمەتی وەربگریت تەنانەت ئەگەر خۆت بە تاوانێك تاوانباربیت.

## ئەگەر لە سەر تاوانەکەش ئاگاداری نەدەیت دەتوانیت یارمەتی وەربگریت

ئەگەر تەنانەت نەتەوێت تاوانێکی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بە پۆلیس ڕابگەیەنیت، دەتوانیت یارمەتی لە سیستەمی یارمەتی وەربگریت. سیستەمی یارمەتیدان ئاگاداری لەسەر تۆ نادات بە پۆلیس. دەتوانیت یارمەتی وەربگریت بۆ تۆمارکردنی سکاڵای تاوان ئەگەر بتەوێت سکاڵای تاوانکاری تۆمار بکەیت.

## **چ یارمەتیەک** دەتوانیت لە سیستەمی یارمەتیدان وەربگریت؟

دەتوانیت یارمەتی لە سیستەمی یارمەتی وەربگریت کاتێك کە نەفەری سیستەمی یارمەتی بیت.

**یارمەتی دەکرێت بۆ نموونە بەم شێوانەی لای خوارەوە بێت:**

- ئامۆژگاری و ڕێنمایی
- یارمەتی لە تۆمارکردنی سکاڵای تاوان ئەگەر دەتەوێت سکاڵای تاوانکاری تۆمار بکەیت
- پاڵپشتي و پارێزگاری لە کاتی ئەگەری پرۆسەیەکی تاوانکاری
- یارمەتی لە بەدەستهێنانی یاریدەدەری یاسایی و کەسی پشتیوان ئەگەر پێویستت پێیان بێت
- خزمەتە تەندروستیەکان
- خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان (خزمەتەکانی سۆشیال)
- شوێنی نیشتەجێبوونی سەلامەت
- پاڵپشتی دارایی ئەگەر پارەت نەبێت
- خزمەتەکانی وەرگێری زارەکی و وەرگێرانی نووسراو، ئەگەر پێویستت پێیان بێت

**بۆ هاووڵاتییەکی بیانی، جگە لەوانەش:**

- ئەگەر تۆ لە فینلەندا دەژێیت بەبێ مافی مانەوەی یاسایی (ئیقامە)، سیستەمی یارمەتیدان دەتوانێت *ماوەی ڕەچاوکردنت* پێبدات. ماوەی ڕەچاوکردن بەو مانایەیە کە تۆ بۆ ماوەی ١ – ٦ مانگ بە شێوەیەکی یاسایی لە فینلەندایت و لەو ماوەیەدا نابێت لە وڵاتەکە دەربکرێیت.
- یارمەتیدانی گەڕانەوەی سەلامەت ئەگەر بتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت
- ئامۆژگاری و ڕێنمایی پەیوەست بە داواکردنی مۆڵەتی مانەوە (ئیقامە).

پێکەوە لەگەڵ تۆدا بیر لەوە دەکەینەوە کە پێویستیت بە چ یارمەتییەک هەیە.
ئەگەر یارمەتیەکت نەوێت، پێویست ناکات وەری بگریت.

## بەم شێوەیە خزمەتەکان ڕێکدەخرێن

سیستەمی یارمەتیدان یارمەتیت دەدات تاکو بچیتە جوارچێوەی ئەو خزمەتانەوە کە پێویستت پێیانە

- **ئەگەر لە فینلەندا شاری نیشتەجێبوونت هەیە**

لە فینلەندا خزمەتەکانت لە ئیدارەی ناوچەی خۆشگوزەرانیەوە بۆ دابین دەکرێت. سیستەمی یارمەتیدان لەگەڵ ئیدارەی ناوچەی خۆشگوزەرانی هاوکاری دەکات. تۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاری لە سیستەمی یارمەتیدان وەردەگریت.

- **ئەگەر پەناخوازیت**

خزمەتە بنچینەییەکانت لە ناوەندی پێشوازی (کەمپ) وەردەگریت. سیستەمی یارمەتیدان بە هاوکارییەکی چڕ لەگەڵ ناوەندی پێشوازی یارمەتیت دەدات. هەروەها دەتوانیت ڕێنمایی و ئامۆژگاری لە سیستەمی یارمەتیدان وەربگریت.

- **ئەگەر لە فینلەندا شاری نیشتەجێبوونت نیە**

سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە خزمەتەکانت بۆ ڕێکدەخات.

### بەم شێوەیە دەبیتە نەفەری سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

کارمەندی سۆشیال، ڕێکخراوێک، پۆلیس یان تەنانەت کارمەندێکی کڵێسا دەتوانێت ڕەوانەی سیستەمی یارمەتیدانت بکات بۆ ئەوەی بتوانیت یارمەتی وەربگریت. ئەوان تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانن ڕەوانەی سیستەمی یارمەتیدانت بکەن ئەگەر تۆ بۆ ئەو مەبەستە مۆڵەت بدەیت. مۆڵەت دان مانای ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن زانیارییە کەسییەکانی تۆ بدەن بە سیستەمی یارمەتیدان.

سیستەمی یارمەتیدان پێویستیی بە زانیاری هەیە سەبارەت بەوەی چیت بەسەر هاتووە و چ جۆرە یارمەتییەکت پێویستە.

ئەگەر سیستەمی یارمەتیدان پێویستی بە زانیاری زیاتر بوو سەبارەت بە بارودۆخی تۆ، دەکرێت داوا لە خۆت یان لە لایەنە فەرمیەکانی تر بکات.

لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە کارمەندی سیستەمی یارمەتیدان هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکات کە ئایا دەکرێت تۆ قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بوو‌بیت و بەو هۆیەوە پێویستت بە یارمەتی سیستەمی یارمەتی هەیە.

دەشتوانیت خۆت داوا پێشکەش بکەیت بۆ ئەوەی وەکو نەفەرێك وەربگیرێیت

دەتوانیت خۆتیش داوا پێشکەش بکەیت بۆ ئەوەی بکرێیتە نەفەری سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت یان ئیمەیڵ بنێریت بۆ سیستەمی یارمەتیدان و باسی بارودۆخی خۆت بکەیت.

پێویست ناکات دڵنیا بیت لەوەی کە ئایا تۆ قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بویتە یان نا.

## لە سیستەمی یارمەتیدانەوە بڕیارێکت پێ دەگات

هەمیشە بڕیارێکی نووسراوت پێدەگات کە ئایا سیستەمی یارمەتیدان دەتوانێت تۆ وەک نەفەرێک وەربگرێت یان نا.

## دەتوانیت بەبێ ناو پەیوەندی بکەیت

ئەگەر بتەوێت دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بەبێ ئەوەی ناو و ناونیشانی خۆت بدەیت. دەتوانیت لەگەڵ سیستەمی یارمەتیدان قسە لە بارەی بارودۆخی خۆت بکەیت و بیر لەوە بکەیتەوە کە ئایا دەتەوێت ببیتە نەفەری سیستەمی یارمەتیدان.

لە ڕێگەی پەیجی www.ihmiskauppa.fi دەتوانیت نامە بۆ سیستەمی یارمەتیدان بنێریت بەبێ ئەوەی ناوی خۆت بنووسیت. .

واتە دەتوانیت بە متمانەوە پەیوەندیمان پێوە بکەیت.

## سیستەمی یارمەتیدان پابەندی نهێنی پاراستنە

سیستەمی یارمەتیدان بە متمانەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو زانیارییەکانت دەکات.

دەتوانیت لە بارەی تاوتوێکردنی زانیارییەکانت لەم پەیجەدا زانیاری زیاتر بخوێنیتەوە: www.ihmiskauppa.fi/myinfo

- سیستەمی یارمەتیدان زانیارییە کەسییەکانی ئەو کەسە تۆمار دەکات کە وەک نەفەر پێشکەش دەکرێت و وەردەگیرێت بۆ تۆماری نەفەرەکانی سیستەمی یارمەتیدان.
- تاوتوێکردنی زانیاریەکان هەمیشە لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەیە کە لە یاسادا دیاری کراون.
- ئەو زانیارییە کەسییانەی کە خەزن کراون دەبێت بە نهێنی بپارێزرێن. ئەو کارمەندانەی کە کار لەسەر زانیاریەکان دەکەن یان سەیریان دەکەن هەمیشە پابەندی نهێنی پاراستنن. زانیاریەکان تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن کاریان لەسەر بکەن کە مافی یاساییان هەیە.
- بەڵگەنامە تۆمارکراوەکان بە نهێنی دەهێڵرێنەوە و نابێت بدرێت بە هیچ کەسێکی دەرەکی بۆ بینینیان یان بەکارهێنانیان.
- سیستەمی یارمەتیدان دەتوانێت تەنها بە ڕەزامەندی خۆت یان وەک ئەوەی بە تایبەتی لە یاسادا دیاری کراوە زانیاری لەبارەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی بدات.
- زانیاریەکانت بە بێ ڕەزامەندیی خۆت نادرێن بە وڵاتانی دیکە.

## زانیاریەکانی پەیوەندیکردن بە سیستەمی یارمەتیدانەوە

تەلەفۆن: +٣٥٨٢٩٥٤٦٣١٧٧

کارمەندانی سیستەمی یارمەتیدان لەم کاتانەدا وەڵامی تەلەفۆن دەدەنەوە: دووشەم – هەینی کاتژمێر ٨:٠٠ – ١٦:١٥

لە کاتەکانی تردا ناوەندی پێشوازیی یووتسێنۆن وەڵام دەداتەوە. لەو کاتەدا دەتوانیت داوای تەلەفۆن بۆ کردنەوەت جێبهێڵیت یان باسی ئەوە بکەیت کە بەپەلە پێویستیت بە یارمەتیە.

ئیمەیل: ihmiskauppa.auttamisjarjestelma@migri.fi

www.ihmiskauppa.fi

لە ماڵپەڕی ihmiskauppa.fi دەتوانیت زانیاری دەربارەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و سیستەمی یارمەتیدان و ئەو ڕێکخراوانە بدۆزیتەوە کە یارمەتی دەدەن بە قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەوە دەتوانیت بە بێ ناو پەیوەندی بە سیستەمی یارمەتیدانەوە بکەیت.